# چەپ و سۆشیالیزم

[هەژێن](#)
٢٠٠٧/٠٣/١٦

ئەگەر چەپ و راست بە پێی جەستەی مرۆڤ دیاری بکەین، ئەوا دژ بەیەك ناوەستنەوە. ئەگەریش بە پێی باڵەکانی نێو پارلەمانێك دیاریان بکەین، دیسانەوە هەر بە هەمان سەرەنجام دەگەینەوە، چونکە ئەوەی بەشداری پارلەمان بکات، ئەوا دەبێت دان بە ڕەوابوونی سەروەری چینایەتی -لە ژێر نێوی سەروەری خوا و گەل و نیشتمان- دا بنێت، کە دەکاتەوە ڕەوابوونی چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە. کاتێك کە بەرنامەی پارتەکان بکەینە پێوەر، ئەوا دیسانەوە هەر لەو بازنەی پێشووتردا دەسووڕێینەوە، چونکە پارتە سیاسییەکان سەرەڕای جیاوازی ناو و ڕەنگیان، بەگشتی دەسەڵاتخوازن و دەسەڵاتیش نوێنەرایەتی چینێك دەکا و سەروەری چینێك بەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت، کە بەگشتی چینەداراکان سەروەرن و ئەوکاتانەش کە پارتگەلێك بەنێوی چینە چەوساوەکانەوە دەسەلات دەگرنە دەست، ئەوا لە ڕادیکاڵترین ئەڵتەناتیڤیاندا بە هەڵوەشاندنەوەی موڵکیەتی تایبەتی و پێشبرکێی بازار و ئابواری ئازاد، موڵکیەتی دەوڵەتی و بازاری کۆنترۆڵکراو و ئابوری نیوەندگەرا دەسەپێنن. بەمجۆرە دەبینین هیچکات ناتوانین چەپ و راست بە بێ بوونی ئەوی تر بێنینە بەرچاو، واتە بوونی چەپ و راست و مانەوەیان بەندە بەو زەمینانەوە کە پێداویستی بەرامبەرەکەی هەر لایەکیان دەهێننە پێش.

با بە شێوەیەکی تر ئەم پرسیارە ئاراستە بکەین: ئایا چەپ جیهانبینی و تێروانین و بەرنامە و بۆچوونێکی تری لە دەرەوەی دونیای چینایەتی پێیە؟ بۆ وەلام بە پرسیارێکی گشتی ئاوا، پێویستە ئاوڕ لە ڕەخنە و ئەڵتەرناتیڤەکانی چەپ بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانی – مەبەست لە ئاراستە و قوتابخانە هزری و گروپە سیاسییە چەپەکانە- بدەینەوە.

چەپ هەر لە سەرەتاوە بە ڕەخنە لە کەموکوڕییە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتییەکانی سیستەمی چینایەتی دەستی پێکردووە و هیچکات ڕەخنەی ئاراستەی سەروەری چینایەتی نەکردووە. ئەمەش بە ڕوونی لە هەنگاوە یەکەمەکانی دەستبردن بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانیاندا دەبینین، کە هیچکات خۆیان بە لێدانی پێگە سەرەکییەکانی سەروەری چینایەتییەوە -گۆڕینی موڵکایەتی تایبەتی و کاری کرێگرتە بە موڵکایەتی گشتی و کاری هەرەوەزی- خەریک نەکردووە، بەڵکو لە بەرامبەردا لە قەیران و لەناوچوون ڕزگاریان کردوون. نموونەی بەرچاویش لەم بارەوە دەسەلاتی بۆڵشەڤیکەکان لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، دەسەلاتی ماویستەکان، کاسترۆییەکان، هۆشیمنیستەکان لە ئاسیا و ئەمریکای لاتینی پاش سەرکەوتنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، دەسەڵاتی پارتە پاشکۆکانی بۆلشەڤیزم لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای پاش شەڕی جیهانی دووەم، ڕۆڵ و دەسەلاتی سۆشیال-دیموکراتەکان لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بەملاوە لە ڕۆژئاوای ئەوروپا لە ڕێگەی

هەڵبژاردنە پارلەمانییەکانەوە، کە لە باشترین باردا موڵکایەتی دەوڵەتی و ئابوری بەرنامەڕێژی کراویان پیادە کردووە و پارت جێگەی چینی بۆرژوازی گرتووەتەوە و تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بووەنەتە کرێگرتە و لە سایەی فەرمانڕەوایی قەرەقوشییاندا کۆمەڵگەیان کردووەتە زیندانێکی تاریك. تا ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر چەپی سۆشیال-دیموکرات، لەو نێوەدا خولگەیەکی لەنێوان تاکرەوی سیاسی و ئابوری بەرنامەڕێژی کراوی پارتە چەپە بەناو سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان و پارلەمانتاریستی پارتە ڕاستڕەوەکان و ئابوری ئازادا، بۆ خۆی دۆزییەوە، کە ئابوری تێکەڵە لە بازاری ئازاد و ڕۆڵی دیاریکراوی دەوڵەت و پلوڕالیزمی سیاسی ناسراوە.

ئەمە مێژووی سیاسی و کردەیی چەپەکانە وەك قۆناخی یەکەم تا سەردەمی کۆتایی هاتنی بلۆکی سەرمایەداری دەوڵەتی لە ڕۆژهەلاتی ئەوروپادا و ئاسیادا. دەکرێ چەپێك کە خۆی لەژێر پەردەی سۆشیالیزم پەلوپۆ بۆ دەسەلات دەکوتێ، لەبەرامبەر سۆشیال-دیموکراسیدا کایەیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە و بە ڕادەیەکیش جەماوەری چەوساوە فریو بدات، بەلام کاتێك کە چەپ لەبەرامبەر بزووتنەوەگەلێکدا کە لەسەردەستی دەسەلاتی خودی چەپ سەرکوتکران، پێناسەیان بکەین، ئەوا دەکرێ تەواوی چەپ هەر لە بۆلشەڤیکەکانەوە تا ئەوانەی کە ئەورۆکە بە پەرگیرترین دروشمی دەوڵەتی کارگەری خۆیان قوتدەکەنەوە، لە باڵی چەپی سۆشیال-دیموکراسی بەولاوە چیتر نەبوون. چەپ هیچکات خۆی لە تێڕوانین و جیهانبینی سۆشیال-دیموکراسی دایك، دانەبڕیوە و گیانیان بەبەر یەکدا کردووە. دەکرێ لە شوێنێکی تردا بە وردی لە شێوازی کارکرد و سیاسەتی سۆشیال-دیموکراسی و هەڵگرانی بیری باڵە چەپەکەی – بۆلشەڤیزم- چ لە ڕابوردوو و چ لە ئێستادا لەمەڕ خەباتی جەماوەری و ڕۆڵی ڕێکخستنەکانی - کە سەنگەری سەرەکی و چەکی کارا و بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی سۆشیالیستییە و بووە-، وردبینەوە، لەسەری بنووسین و بدوێن. لێرەدا لەبەر دەرنەچوون لە بابەتەکە خۆم لە وردەکاری لادەدەم.

هەرچەند لە سەرەتای نەوەدەکاندا پاش هەرەسهێنانی بلۆکی سەرمایەداری دوڵەتی، باڵی سەرکەوتووی سەرمایەداری - واتە پێشڕەوانی بازار ئازاد- بەهێچ شێوەیەك ئامادە نەبوو مەیدان بۆ هاتنەوە سەرکاری سۆشیال-دیموکراتەکانیش لە ئەوروپا و ولاتی سەربە بلۆکی ڕۆژهەڵاتی جاران هۆساری دەسەلات شڵ بکات– ئەمەش لە یەکەمین هەڵبژاردنەکانی ناو ولاتانی سەر بە بلۆکە ڕوخاوەکە و تەنانەت ڕۆژئاوای ئەوروپاشدا بە تایبەت ئاڵمان بەدی دەکەین، کە چۆن پاشاکانی کەنداوی عەرەبی لە کاربەدەستانی ناو کۆشکی سپی زیاتر سەخڵەت دەبوون و تەواوی ئاژانسەکانیان خستبووە کار بۆ پشتیوانی لە پارتە ڕاستڕەوەکان لە هەڵبژاردنەکاندا- . بەلام هەرزوو بۆ بلۆکی سەرکەوتوو دەرکەوت، کە ڕوخانی بلۆکی سەرمایەداری دەوڵەتی و هەڵوەشاندنەوەی پارتە چەپە دەسەلاتدارەکان، لەڕووی سیاسییەوە چ ناهاوسەنگییەکی بۆ سەروەری چینایەتی دروستکردووە. بەڵکو هەروەك چۆن سەرمایەداری لە ڕووی ئابورییەوە پێویستی بە پێشبرکێ و کێبڕکێکانی بازار هەیە، ئاواش لە ڕووی سیاسییەوە پێوسیتی بە کیبڕکێکەری دەسەلات و مۆدێلێکی یەدەکی -جێگرەوە-

هەیە، تاوەکو بە وردەگیری کەموکورییەکانی دەسەڵاتەکی و دەستنیشان بکات و چارەسەریشیان لە چوارچێوەی هەمان سیستەمدا بۆ پێشنیار بکات. ئەمە لە باری ئاساییدا، بەلام لەباری تەنگەتاویدا ئەو هێزە یەدەکیانە ڕۆڵی ڕزگاری سیستەمەکە و دەرهێنەری بەرەی دەسەلاتی چینایەتی لە قەیرانەکانیدا دەبینن و پێداویست بوونیشیان دەکرێ لە تێڕوانینی ئیدئۆلۆگەکانی سەرمایەداریدا بە راشکاوی بەدەی بکرێ، کاتێك کە بەو سەرەنجامە دەگەن؛ هەڵوەشاندنەوە و لەناوبردنی بنەرەتی بلۆکی ڕۆژهەلاتی و مۆدێلی سەرمایەداری دولەتی هەڵەیەکی کوشندەیە و ئەم سیستەمە بێ ڕەقیب نایکرێ و هاندەری دەوێ، چونکە شەڕە ناوچەیی و دەوڵەتی و جەمسەرییە سارد و گەرمەکانی پێویستە.

بۆیە هاتنەوە سەرکاری سۆشیال- دیموکراتەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا و پاشماوەی پارتە هەڵوەشاوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و گیان وەبەردا هاتنەوەی گروپە چەپەکانی ئامریکای لاتین و ئاسیا و بەدەسەلات گەیشتنی چەند کەسایەتییەکی سەربازی و چەپ لە ئامریکای لاتین، نابێت دڵخۆشمان بکات. چونکە لە باشترین باردا ڕۆڵی ڕزگارکەری سیستەمی سەروەری چینایەتی لە قەیرانە قوڵەکانی پاش جیهانگیری بازارئازاد، دەگێڕن. ئەگەر بە وردی سەرنجی کورسی گۆڕکێی چەند ساڵ جاری پارتە ڕاستڕەو و پارتە چەپەکان( سۆشیال- دیموکراتەکان) بدەین، دەبینین سەردەمێك کە ڕاسڕەوەکان تیایدا فەرمانڕەوان، سەردەمی ئارامی و چنینەوەی سوودەکانە و سەردەمێك کە چەپەکان تیایدا فەرمانڕەوان، سەردەمی قەیران و هێرشکردنە سەر دەسکەوتەکانی چین و توێژە ژێردەستەکانە، سەردەمی پیادەکردنی پلانگەلێکە کە بە دڵنیاییەوە پیادەکردنیان لە فەرمانڕەوایەتی ڕاستڕەوەکاندا، بزووتنەوەی رادیکاڵی نارازی کۆمەڵایەتی و جەماوەری بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

بۆ تێگەیشتن لەمە دەتوانین سەیرێکی سەرپێی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە بەرهەڵشتکارەکانی جیهانگیری بازارئازاد لە دونیادا بە گشتی و لە ئەمریکای لاتین بەتایبەتی بکەین. ئەوسا بڕیار بدەین لە نیازپاکی هەر هێز و کەسایەتییەک کە ئەورۆ ئاژانسەکانی ئەوروپا و ئەمریکا دەیانەوێت بەنێوی دژایەتیکەری سەرمایەداری و پێشڕەوانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی بیان ناسێنن. دەتوانین ئەمە لە پیاهەڵدان و ئەفسانەیی کردنی سەرۆکە چەپە تازە بە دەسەلات گەیشتووەکانی ئەمریکای لاتیندا بەدی بکەین.

ڕاستە هاتنەسەرکاری ئەم گروپ و کەسایەتییانە نیشانەی بەهێزی بەرەی دژی بازارئازادە، بەڵام لە هەمان کاتدا نیشانەی ناڕۆشنی و نەبوونی هوشیاری چینایەتی ئەو کەسانەیە کە دەنگ بە هاتنەسەرکاری چەپەکان دەدەن. چونکە لەلایەکەوە نیشانەی باوەڕبەخۆ نەبوونی دەنگدەران وەك هێزی بگۆڕی کۆمەڵگە و لەلایەکی ترەوە نیشانەی خۆشباوەڕییانە بە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە سایەتی سیستەمی سەروەری چینایەتی و کارایی پارلەمانە وەك چەکی خەبات. بە پێچەوانەوە چۆڵکردنی ڕیزەکانی دەنگدان، نیشانەی قاڵبوون و بەرزبوونەوەی هوشیاری چینایەتی و نائومێدبوونی جەماوەرە لە فریادڕەسە خەیاڵییەکان، کە دەزگەکانی راگەیاندن پەروەردەیان دەکەن.

بەلام لە پشتپەردەی ئەو پاگاندانەوە کە چ لەلایەن دەزگە پاگەندەییەکانی سەرمایەوە چ لە لایەن چەپەکانەوە بۆ ناساندنی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان بەم دەموچاوانە، دەکرێن، راستییەك شاردراوەتەوە؛ ئەویش بوونی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە شۆڕشگێڕەکانە بە تێڕوانین و ئەڵتەرناتیڤی جیاوازەوە. نموونەش بۆ ئەمە بوونی بزووتنەوەی دەست بەسەرداگرتنی کارخانە و ناوەندە جیهانییەکانە لە ڤێنزەویلا [1]، کە تەواوی راگەیاندنی سەرمایەداری دەیەوێت، بە هەوڵەکانی سەرککۆماری ڤێنزەویلا(Hugo Chávez) پەردەپۆشی بکەن و لە ڕێگەی لێدانی کەسایەتی شاڤێز -لە ڕێی خاڵە لاوازەکانییەوە-، بزووتنەوەی سەربەخۆی کارگەران و زەحمەتکێشانی ڤێنزەویلا بکێشنە ژێر پرسیارەوە. هەروەک چۆن چەند ساڵێ لەوەوبەر لە برازیل[2] بەهۆی کەسایەتی سەرککۆمار ( Luiz Inacio LULA DA SILVA) ەوە ویستیان ڕوخساری بزووتنەوەی وەرزێڕانی بێ زەوی بۆ دەستبەسەردا گرتنی زەوی و زاری موڵکدارە گەورەکان، بشێوێنن.

ئەورۆکە ئەگەر بە وردی چاودێری ڕووداوەکانی ئەمریکای لاتین و لە پشتپەردەی هاتنە سەرکاری سەرۆککۆمارانێکی چەپ، ئەوا بوونی بزووتنەوەی سۆشیالیستی ئاسۆ ڕۆشن و خاوەن ئەڵتەرناتیڤ بەدەی دەکەین. دەتوانین لە رابوردووشدا بوونی ئەو بزووتنەوانە لە پشتپەردەی گەورەکردنەوەی کێشەی نێوان (Josip Broz Tito) و دەسەڵادارانی کرملین[3] و هەنگاریا[4] و گەورەکردنەوەی ڕۆڵی پاپ ( یوهان پاوڵی دووەم) بەسەر بزووتنەوەی هاوپشتی – سۆلیدارنۆ ـی پۆلۆنیا[5]، بزووتنەوە کۆمەڵاتییە دژە دەسەلاتەکان بەدی بکەین. بەلام چ ئەوکات و چ ئێستاش سەردەمداران دەیانەوێت، بە هەوڵی پاپ و پلانی سەرکردەکان بیانژمێرن.

لە هەناوی گشت ڕاپەڕین و شۆڕشەکاندا تەنانەت لە شۆڕشی گەورەی فەرەنسەشدا، دەتوانین بوونی ئەڵتەرناتیڤ و تێڕوانین و کارکردی جیاواز لەنێوان چەپ و بزووتنەوە کۆمەلایەت-ییەکاندا ببینین، لە بەرامبەر ڕەخنە و ئەڵتەرناتیڤ و پێشنیار و داخوازییەکانی چەپدا-کە ڕەخنە بووە لە دەسەلاتداران لە ڕوانگەی ڕەتکردنەوەی شەڕ و داوای ئاشی، گلەیی لە بوونی بێکاری و داوای کار بۆ هەمووان، لەبەرامبەر برسیەتیدا داوای بڕێك دابینکاری ژیان، لە بەرامبەر سەرکوتدا داواکاری ئازادی سیاسی بووە- کە لە هێچ سەردەم و بارودۆخێکدا چەپ بە ڕادیکاڵ و میانەڕەو و ڕیفۆرمیستەوە، خوازیاری ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئابوری - بە واتای شۆڕشی کۆمەلایەتییەکەی- نەبووە و هەمیشە چاوی لە دەسەلات بووە و خەریکی پینەوپەڕۆی کەموکوڕییەکانی سیستەمی چینایەتی بووە و ویستوویەتی ئەوە نیشان بدات، کە دەکرێ سیستەمی چینایەتی ڕیفۆرم بکرێ و بخرێتە خزمەت کۆمەڵ. ئەمە بەرنامە و ئەڵتەرناتیڤی چەپ بووە چ لە ڕابوردوو و چ لە ئێستادا.

ئەی کەواتە سۆشیالیزم چییە و کامە بزووتنەوە لە مێژوودا بۆ کۆمەڵگەی نوێ هەڵگری تێڕوانی سۆشیالیستانە بووە، کە بڕیارە شوێنی کۆمەڵگەی چینایەتی بگرێتەوە و کامانە بوون ئەلتەرناتیڤەکانی؟

پێش ئەوەی بچینە سەر وەلامدانەوەی ئەو پرسیارە چارەنووسسازە، پێویستە ئەوەش بۆ پێناسەی چەپ زیاد بکەم، کە چەپ بە هەموو هێڵ و ئاراستەکانییەوە هەر لە سۆشیال- دیموکراتەکانەوە تا دەکاتە حیکمەتیستەکانی دەڤەری مە، وەك ئایدیلۆژیاییەکی داڕێژراو و داهێنانێکی هزری چەند هزرڤانێك لە سۆشیالیزم ڕوانیویانە و دەڕوانن و مۆدێلیشیان بۆ کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لە دووتوێی پەرتووکەکانەوە هەڵهێنجاوە و بە هەموو شێوازێك هەوڵیان داوە کۆمەڵگە لە چوارچێوەی ئەو قاڵبانە بدەن، هەروەك لە مۆدیلەکانی برنشتاین و لینین و ماوتسی تۆنگ و ئەنوەر خۆجەدا دیتمانن.

بەلام تا ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر سۆشیالیزم وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی خۆبەخۆ لە گشت سەردەمە مێژوویی و قۆناخە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی چینایەتیدا سەری هەڵداوە و لە ئارادا بووە. وەك یەکێك لە ئەڵتەرناتیڤەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی، زەمینەکانی سەرهەڵدان و ڕەوایەتی لە ناداوەرییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی ژێر سایەی سەروەری چینایەتیدا پەرەیان سەندووە و بە پێی گۆڕانەکان و سەرهەڵدانی سیستەمە نوێکانی چینایەتی، تێڕوانینەکانی خۆی بۆ کۆمەڵگەی بێ چین و چەوسانەوە، لە مەیدانەکانی خەباتدا ئەزموون کردووە. بوونی بزووتنەوەیەك کە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی تێ بکۆشێت، پەیوەست نییە بە بوونی کۆمەڵگەی چینایەتی گەشەکردووی سەرمایەدارییەوە؛ وەك ئیدئۆلۆگەکانی چەپ پاگەندەی بۆ دەکەن. بەڵکو مێژووی کۆمەڵگەکانی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتیش پڕن لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە تێڕوانینی واوە کە ئەوڕۆکە ئێمە وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ بۆ کۆمەڵگەی چینایەتی پیشنیاری دەکەین[6].

سۆشیالیزم تەنیا ئەڵتەرناتیڤی کارگەر نییە بۆ سەرمایەداری، بەڵکو ئەڵتەرناتیڤی کۆێلەکانێش بووە بۆ کۆیلەداری و ئەڵتەرناتیڤی وەرزێڕانیش بووە بۆ دەرەبەگایەتی، هەر وەك چۆن لە ئەوڕۆکەدا گروپ و ئاراستەی هزری وا هەن، کە خەون بە ڕیفۆرمکردن و ئاوەزپەسەند (عەقلانی) کردنی سەروەری سەرمایەدارانەوە دەبینن، هەروەاش لە ڕابوردوودا تاك و گرۆپ هەبوون کە خەونیان بە کۆیلەداری بە بەزەیی و دەرەبەگی بە وێژدانەوە بینیوە. سۆشیالیزم لە هەموو سەردەمەکاندا تێڕوانینی چەوساوە هوشیارەکان بووە بۆ داهاتوو. سەیر نییە، کە کەسانێك کە پێیان وایە سۆشیالیزم ڕێڕەوێکی سیاسییە کارڵ مارکس و پاشینانی دایان هێناوە، چونکە لە خودی تێڕوانینەکانی ئەواندا سۆشیالیزم کۆپیکردنەوەی بەهەشتە خەیاڵییەکەی ئایینە ئاسمانییەکانە. ئەمەش بە وردی لە گێڕانەوە و گریمانەکانی واندا بۆ ڕابوردوو دەردەکەوێت، کە پێیان وایە مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا ژیاوە و سەرەنجامیش بە پێشرەوی دەستەبژێرێك –نخبە، پارت- بەرەو ئەوێ دەگەڕێتەوە. هەروەك چۆن لە ئەفسانەکانی ئایینە ئاسمانییەکاندا ئادەم و حەوا لە

بەهەشت وەدەر دەنرێن و بۆ گەڕانەوە بۆ بەهەشت پێویستمان بە پەیڕەویی لە ڕێڕەوی خوا و پێغەمبەرەکانی هەیە.

لێرەدا بواری ئەوە نییە بچینە سەر لێدوان لەسەر ئەگەری سۆشیالیست بوونی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان. بەلام توانەوەی خۆبەخۆی دەوڵەت لە کۆمەڵگە خوازراوەکانی چەپدا، فرەتر لە خۆبەخۆ جێبەجێ بوونی کاروبارەکانی نێو بەهەشت لە دەرەوەی کارکردی مرۆڤ دەچێ. هەرچەند دەکەم وێنایەکی واوەتر لە بەهەشتی ئایینەکان بۆ سۆشیالیزمی زانستی- ئەوەی کە چەپەکان لێوەی دەدوێن- ، بەدەست ناهێنم. بە بڕوای من سۆشیالیزمێك کە بە زۆر نێوی خەیاڵیبوونی بەسەردا بڕا، زیاتر لە واقێعەوە نزیك بوو، تاوەکو سۆسیالیزمێك کە چەپەکان بانگەوازی بۆ دەکەن. چونکە سۆشیالیزمێك کە ڕۆبێرت ئۆئێن و فۆریە و سان سیمۆن[7]، بە کردەوە لە کۆمەڵگە کۆمۆنیستییە تازە دامەزراوەکاندا[8] بەکردەوە و دڵخوازانە کاریان بۆ بنیاتنانی دەکرد، فرەتر زانستی بوو تا سۆشیالیزمێك کە بڕیارە لەلایەن پارت –دەوڵەت- ەوە بەسەر کۆمەڵگەدا لە ڕێی دیکتاتۆری و نوێنەرایەتییەوە بسەپێنرێ و پاشانیش دەسەڵات و دەوڵەتەکەی وەك ئەفسونێك بڕەوێنەوە. ئەگەر مەبەست لە سۆشیالیزمی زانستی توێژینەوە ئابورییەکانی کارل مارکس بێت، ئەوا کەسمان ناتوانین نکۆڵی لە زانستی بوونیان بکەین، بەلام ئەگەر مەبەست لەو تێزەی کارڵ ماکس بێت، کە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی پابەند بە دامەزراندنی دەولەتی کارگەری و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا دەکات، ئەوا نەك خەیاڵی بوونی بەڵکو ناڕەوا و شکست خواردنی ئەزموونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەلماندی!

لێرەدا مەبەستی من بەرگری نییە لە سۆشیالیزمی نموونەگەرا، ئەوەی کە ڕۆبێرت ئۆئێن و فۆریە و سان سیمۆن دەستیان بۆ پێکهێنانی برد، بەڵکو تەنیا مەبەستم بەراوردە لەنێوان بانگەواز بۆ پەیوەستبوونی دڵخوازانە بەو کۆمەڵگانەوە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگانەی کە چەپ لە ڕابوردوودا بە سەپاندن و دیکتاتۆری پێکیهێنان و بەتەمان لەمەودواش پێکی بهێنن. هەرچەندە لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتی و دابەشکردنی بەرهەمەوە، زۆر لە مۆدێلەکەی بلۆکی ڕوسی و هاوپەیمانەکانی مرۆڤانەتر بوو.

بە بڕوای من سۆشیالیزم واتە ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی نەك تەنیا لەبەر نارێك دابەشکردنی داهاتی کۆمەڵگە یا چۆنیەتی بەهرەمەندبوون لە موڵکایەتی، بەڵکو لەبەر هەبوونی سەروەری چینایەتی. ئەگینا بوونی پاشایەکی داوەر یا بوونی موڵکایەتی یەکسانی دانیشتوان لە باخ و کێڵگە و خانوو و دوکاندا، دەتوانین بە سۆشیالیزم بژمێرین، کە لەوانەیە زۆرجار لە مێژوودا لە کۆمەڵگە کریستییە سەرەتاییەکاندا یا لەو کۆمەڵگانەی کە ڕەخنەیان لە دەسەلاتی خەلیفەکانی ئیسلام هەبوو، ڕووی دابێ.

لەبەر ئەوە، ناتوانین باس لە بوونی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لە سایەی سەروەری چینایەتیدا بکەین، ئیتر ئەو سەروەرییە هی هەر چین و توێژ یا گروپێکی سیاسی بێ، ناتوانین باس لە بوونی پەیوەندی بەرهەمهێنانی سۆشیالیستانە بکەین، لە کاتێکدا

ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەژێر کۆنترۆڵی گروپێکی دەستەبژێر-نخبە-دا بن، ناتوانین باس لە بوونی موڵکایەتی گشتی بکەین، لە کاتێکدا دەوڵەت و پارت گەورەترین خاوەنموڵکی کۆمەڵگە بن، ناتوانین، باس لە کاری داهێنەرانە و ئازادانەی تاك بکەین، لە کاتێکدا ناوەندی دەوڵەتی بەرنامەڕێژی بەرهەمهێنان دەکات. بەکورتی سۆشیالیزم هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەتی و کاری کرێگرتەیە، کە پایەکانی سەروەری چینایەتی پێکدێنن و سەروەری چینایەتیش پارێزەری پایەکانی کۆمەڵگەی چینایەتییە. ئیتر چۆن دەتوانین باس لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی – بێ چین و چەوسانەوە- بکەین، لە کاتێکدا لەبری تێکشکانی سەروەری چینایەتی، خوازیاری بەدەستەوەگرتنی بین، با ئەو سەروەرییە پرۆلیتارە لە برسا مردووەکانیش رابەرایەتی بکەن؟

کاتێك ئێمە دەتوانین باس لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بکەین، کە سەروەری چینایەتی و پایەکانی – موڵکایەتی تایبەتی و کاریکرێگرتە - لەنێوبرابن و موڵکایەتی هاوبەش و کاری هەرەوەزی و خۆبەڕێوەبەری چینە بەرهەمهێنەر و زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگە شوێنیانی گرتبێتەوە. ئەوانەی کە بە ڕەخنەیەکی شەرمنۆکانە لە بۆلشەڤیزم دەیانەوێت لاقی سۆشیالیزمی پارتە دەسەڵاتخوازەکان لە لیتەی تێکشکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەربێنن، هۆی تێکشکانی بۆ لەبار نەبوونی باری ئابوری ڕوسیای ئەوکات بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێیان وایە پێداویستی مێژووی سۆشیالیزم بە بوونی بنەمایەکی ئابوری پێشکەوتووەوە بەستراوە. ئەمەش ڕەتکردنەوەی هەموو هەوڵ و ئەزموونە مێژووییەکانی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکانی قۆناخەکانی تری کۆمەڵگەی چینایەتی پێش سەرمایەدارییە. ئەمە بەرهەمی ئەو تێڕوانینەیە کە سۆشیالیزم بە کۆمەڵێك تێزی هزری کارڵ مارکس و کێ و کێوە دەبەستێتەوە[9].

بۆیە بۆ دەستڕاگەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی بێ چەوسانەوە، ناتوانین ئەو چەکانە بەکار بەرین کە سەروەران بۆ کۆیلە کردنی ئێمە بەکاریان دەبەن؛ لەوانە یاسا، پارلەمان، پارت، سوپا و پۆلیس، دەوڵەت، شێوازی پەروەردەیی باو، پێکهاتنی هەرەمی دەزگەکانی بەڕیوەبردن و جێبەبێکردن. ناتوانین بە شوێنگۆڕکێی چین و پارت، دەستاودەست پێکردنی موڵکایەتی، کۆمەڵگەی چینایەتی بگۆڕین. پرۆلیتاریا ناتوانێت بە بوونی بە سەروەر – هەرچەندە ئەمە نێوێکی فریودەرانەیە بۆ دەسەلاتی پارتە چەپەکان و لە بنەرەتدا بوونی نییە- ڕێوشوێنی کۆیلە لە کۆمەڵگەدا بگۆڕێ، بەڵکو بە لەنێوبردنی خۆی، دەتوانێت دژەکەی لەنێوبەرێت. تێڕوانینی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و دەوڵەتی کارگەری، فرەتر لەو ڕوانگەوە نزیکە کە پێی وایە بە دەولەمەندبوونی تاکەکان، تاکە هەژارەکان لەنێو دەچن. ئەمەش تێڕوانینێکی گەمژانەیە بۆ سروشتی دەسەلات و دەوڵەتمەندی!

لەبەرامبەر نێوەنجیکاری چەپ و خۆمیکیاژکردنەوەی سەرخانی سیستەمەکە ئابورییەکە، بزووتنەوە سۆشیالیستە ئازادیخوازەکان هەردەم خوازیاری هەڵگێرانەوەی سیستەمی چینایەتی بوون، بە لیدانی موڵکایەتی تایبەتی و کاری کرێگرتە و سەروەری چینایەتی، بە

جێگرتنەوەی موڵکایەتی گشتی – هاوبەش- و کاری هەرەوەزی و بەڕیوەبەرایەتی گەلی – بە مانای گشتگیر- لەسەر بنەمای ڕێکخستن و بڕیاردان لە خوارەوە بۆ سەرەوە و یەکانگیرکردنەوەی کۆمۆنە ئازادەکان لەسەر بنچینەی فیدراڵیزم و خودموختاری و ئازادی هەر یەکەیەکی بەرهەمهێنان و کەرتی گشتی و ناوچە و ولاتەکان لە بڕیاردان لەسەر شێوەی ژیان و بەڕیوەبردنی خۆیان.

لەم ئەڵتەرناتیڤەدا دەسەلات و سەروەری دەگۆڕێت بە بەڕیوەبەرایەتی ئازادانەی خودی بەشەکانی کۆمەڵ و ڕادە و جۆری بەرهەمهێنان بە پێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و دابەشکردن بە پێی نیازەکانی تاك. هەروەها لەم ئەڵتەرناتیڤەدا ئازادی تاك بنەمای ئازادی کۆمەڵ و ویستی ئازادانەی تاکەکان بنەمای بڕیاردان و جێبەجێکردنی فەرمانە کۆمەلایەتییەکانە. لەم ئەڵتەرناتیڤەدا کایەیەك بۆ دەسەلاتخوازی و سوودپەرستی نامێنێتەوە و خۆشەویستی و هاودەردی تاکە ئازادەکان جێگەی ڕکوکینەدۆزی تاکە کەوڵکراوەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی دەگرێتەوە و پێناوێك بۆ شەڕ و قۆڵبڕی و چاوچنۆکی و نەژادپەرستی و هەلاواردنی ڕەگەزی و چەوسانەوەی نەتەوەیی و ڕکەبەرایەتی ئایینی و مافیا و لەشفرۆشی و راسیزم و دەبەنگکردن نامێنێتەوە.

ئەم ئەڵتەرناتیڤە وەك سەروەران و چەپەکان پاگەندەی بۆ دەکەن، خەیاڵ نییە و لە زۆر سەردەمی مێژوویيدا سەریهەڵداوە و جێکەوتە بووە؛ لە میژووی کۆنی پێش و پاشی زایین لە ئەوروپا و ئاسیا [10]، لە مێژووی هاوچەرخیشدا دەتوانین لە کرۆنشتات [11] و ئۆکرانیا [12] – ١٩١٧ تا ١٩٢١، لە کەتەلۆنیا [14] ی ئەسپانیا - ١٩٣٦ تا ١٩٣٩- لە هەنگاریای ١٩٥٦ [13]، لە یوگوسلاڤیا [15]، پۆلۆنیا [16]، ئەرژەنتین [17]، ڤێنزەویلا [18].

هەروەها بە بڕوای من ئەگەری سەرهەڵدان و پێگرتنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بە پێکهێنانی هەرەوەزییە جۆراوجۆرەکان و ڕێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێکخراوە سەربەخۆ جەماوەرییەکاندا و راهێنان و ئامادەکردنی تاکی چین و توێژە چەوساوەکان دەتوانێت لە هەناوی کۆمەڵگە چینایەتییەکانەوە سەردەربێنێت، هەروەك چۆن سەرمایەداری لە هەناوی سیستەمی فیئۆدالی و فیئۆدالیزم لە هەناوی کۆیلایەتی و کۆیلایەکی لە هەناوی کۆمەڵگەی یەوە سەری دەرهێنا. لەوانەیە پرسیارێکی وا ڕوبەڕوومان بێتەوە؛ لە کاتێکدا کە سیستەمەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی – کۆیلایەتی، فیئۆداڵی، سەرمایەداری- لە ناوەڕۆکدا هاوبەشن و لە ڕواڵەتدا جیاوازن، چۆن دەکرێ سۆسیالیزم وەك ئەڵتەرناتیڤی ڕەتکردنەوەی سیستەمی چینایەتی بە هەمان شێواز لە دەروونی کۆمەڵگەکەی پێش خۆیدا سەرهەڵدەدا، چۆن دەتوانێت، لەوان جیاواز بێت؟ ئەمە پرسیارێکی لۆژیکییە، بەلام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە سیستەکەمان سروشتێکی کۆمەلایەتییان هەیە و هەر بەهۆی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکانەوە پێدەگرن و پراکتیزە دەکرێن. هەر بۆیە هەنووکە دەکرێ و لە توانادا هەیە لە هەناوی ئەم سیستەمەدا مۆدێلی خۆمان بۆ ڕێکخستنی بەرهەنهێنان و بەڕیوەبردن و هاوکاری و هەرەوەزی لە بوارە گشتییەکاندا بخەینە ڕوو، ئەمە تەنیا پاپەندی هاتنە

مەیدانی جەماوەرییانەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانە. ئەمە پاپەندی کارکردنە، بەپێچەوانەی خەوبینین بە بەهەشتێکەوە، کە لە چەندین ئەزموونداخەیاڵی بوونی سەلمێنرا. ئەمە پاپەندی زیندوکردنەوەی ویژدان و مرۆڤایەتی و هوشیاری چینایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەیە. ئەمە پاپەندی پشتکردنە ڕیزەکانی پارت و بۆکسەکانی دەنگانە. ئەمە پابەندی پەیبردنی تاکە بە ڕێوشوێنی کۆمەلایەتی و چیانیەتی خۆی. ئەمە پاپەندی ئاڵوگۆرە لە خوارەوەڕا بۆ سەرەوە، لە خودەوە بۆ خیزان و کۆمەڵگە و بۆ جیهان. ئەمە پاپەندی ئەو وتە مێژوویەیە کە دەڵێ بجولێ با شتێکێش لەگەڵ تۆدا بجولێت!

پەراوێزەکان:

[1] الحركة العمالية (ارفعوا ایدیکم عن فنزویلا)
http://arabic.handsoffvenezuela.org/index.php?option=com_content&task=view&id=56&Itemid=28
Hands Off Venezuela tours factory under workers control
http://www.youtube.com/watch?v=dK33txbxIb4&mode=related&search=

[2]**A Movement of Movements: is another world really possible? By Walden F. Bello, Tom Mertes**
http://books.google.com/books?hl=en&lr=&id=gh052B6W1HYC&oi=fnd&pg=PP1&sig=qPyRuqnu-F_W-LVsvWF9W7q02E4&dq=Landless+Farmer+movement+of+Brazil#PPP1,M1

[3] **Yugoslavia's Workers Self-Management**
**,Transcription of a video by O. Ressler**
**recorded in Belgrade, Serbia, 23 min., 2003**
http://www.republicart.net/disc/aeas/kuljic01_en.htm

[4]**TWENTY-FIVE YEARS AFTER**
**1956:**
**THE HERITAGE OF THE HUNGARIAN REVOLUTION***
**Bill Lomax**
http://socialistregister.com/socialistregister.com/files/SR_1982_Lomax.pdf

[5] ***WORKERS' SELF-MANAGEMENT IN POLAND***
**Roman Szul**
http://marriottschool.byu.edu/emp/WPW/Ch07-09.pdf

**[6] بڕواننە پەرتووکی: الاشتراكية و الشيوعية 500 سنة قبل الميلاد حتى كومونة باريس، نذير جزماتي ( الكاتب السوري)**
**[7] تارخچه سوسیالیسم ، جعفری رسا، نشر (حکا)**
**[8] جوامع کمونیستی تازه تاسیس، فریدریش انگلس، نشر (حکا). ساڵی ۱۹۹۲ لە فارسییەوە وەرم گێڕا، دامە دەست هاوڕێیەکی ئەو کاتەم، بەداخەوە لە دەستاودەست پیکردنی چەپی کەمتەرخەمدا، وەرگێرانەکەم فەوتا.(و. ك)**

**[9] بڕواننە: زمینه های انحراف و شکست انقلاب پرولتری در شوروی، مارکسیسم و مساله شوروی - بولتن نظرات و مباحثات (ضمیمه بسوی سوسیالیسم(شماره ۱ - اسفند ۱۳٦٤ - مارس ۱۹۸٦)**

http://hekmat.public-archive.net

[10] بڕواننه پەرتووكی: الاشتراكية و الشيوعية 500 سنة قبل الميلاد حتى كومونة باريس، نذير جزماتي (الكاتب السوري)

[11] ژماره ١-١٤ ی هەوڵنامەی ئیزڤێستیا Izvestiia كه له شاری كرۆنشتات له ١٩٢١/٣/٣ – ١٩٢١/٣/١٦، ١٤ ژمارەی لێ دەرچوو.
http://www-personal.umich.edu/%7Emhuey/TOC/IZV.frame.html

[12] The Bolsheviks and Workers Control
١٩١٧ – ١٩٢١
The State and Counter-revolution
http://www.spunk.org/texts/places/russia/sp001861/bolintro.html

[13] THE MAKHNOVISTS & THE RUSSIAN REVOLUTION
ORGANIZATION, PEASANTRY & ANARCHISM
BY HEATHER-NOËL SCHWARTZ
http://members.aol.com/ThryWoman/MRR.html

[14] The Tragedy of Spain
by Rudolf Rocker
http://dwardmac.pitzer.edu:16080/Anarchist_Archives/coldoffthepresses/tragedy.html

[15] The Hungarian workers' councils of 1956
by Tamas Krauzs
http://www.workersliberty.org/node/7200

[16] Yugoslavia's Workers Self-Management
,Transcription of a video by O. Ressler
recorded in Belgrade, Serbia, 23 min., 2003
http://www.republicart.net/disc/aeas/kuljic01_en.htm

[17] *WORKERS' SELF-MANAGEMENT IN POLAND*
Roman Szul
http://marriottschool.byu.edu/emp/WPW/Ch07-09.pdf

[18] *Workers in Control: Venezuela's Occupied Factories*
Marie Trigona by
http://blog.zmag.org/node/2839

* تازەترین هەواڵ و وێنەی كارگەرانی كارخانەی زانۆن له ئەرژەنتین ٢٠٠٧/٠٣/١٥. هەروەها لەم لینكەدا دەست بە فیلمی (The Take) كه (Avi Lewis & Naomi Klein) لەمەڕ بزووتنەوەی دەستبەسەرداگرتن و خۆبەڕیوەبەری كارخانەكان له ئەمریكای لاتین سازیان كردووە، ڕادەگات و دەتوانی بیكری.
http://www.obrerosdezanon.org/rubrique.php3?id_rubrique=1

http://www.thetake.org/ بەستەری فیلمی لێسەندنەوە یا دەستبەسەرداگرتن